# پەخشانێک

## لە فۆلکلۆرەوە



فائق جمیل

● کوتی تۆ ئەزانی خەو هێزێکە هەرگیز بەربەست ناکرێ ، وزاله بەسەر ئادەمیزادا .. دەبرو توانای لە دەسەلاتی ئادەمیزاد بەدەرە .

تۆ بلێی وابیت ؟ ! ئەی بەفرو بارانو رەشەباو هێزە سروشتییەکانی دەوروپشتی ئادەمیزاد گوایە ئەمانە گشتیان لەخەو کەمترن ؟ !

**ئەمە چەندو چوونێکی شەوێکی سەختی کەژی زستان بوو لە نێوان دوو هاو وڵاتی گوندێکی چیا نشین دا .**

هەربۆ یەپانی ، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی هەردوکیان ئەستۆکێکی تەواوی خشتی رێکو پێکیان دابە دەست منداڵێکی شوانی حەوت ساڵانەو داوایان لێ کرد ئەستۆکەکە لەو رەشەبا توونلو تیژە بپارێزێت کە چەند رۆژان کارو بەزمی خۆی کردبو ریانێکی زۆریشی لە دارو درەختی ناوچەکە دابوو .

منالە شوانەکە ئەستۆکەکەی بە سینگو بەرۆکی خۆیەوە توند نووساندو پشتی خۆی لە رەشەباکە کرد . . نلو ناویش رووی خۆی بە گوێرەی رەوتی رەشەباکە ئەگۆڕی .

لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ، هەربەم جۆرە نەی هێشت پارچەیەکی لێ بێتەوە ، هەر لە هەمان کاتیش لە بزنی چلێیی کەتنگەر دوری بخاتەوە .

هەندەی نەخایاند خەو بۆ خۆی بردەوە ، پاش تاوێکی کەم چاوی کردەوە ئەستۆک نەماوەو تەنانەت تەفرو توناش بووە .

بۆیە بەربەست کردنو بەرگری کردنی هێزە سروشتییەکان هەرچەند بە تواناو دژوار بن ، زۆر لە هێزەکانی ناو دەرونو ناخی ئادەمیزاد ئاسانترن ●